# یانەی وەرزشی هێرش لە هەنگاوێك بۆ هەنگاوێکی تر

**یانەی وەرزشی هێرش وەکو یانەیەکی دێرینی شاری قەڵاو منارە کە چەندین خزمەتگوزاری جیا جیای لە بواری وەرزشیدا پێشکەش بە لاوانی ئەم شارە کردووەو چەندین یاریزان و ڕاهێنەرو وەرزش دۆستی پێگەیاندووە..**

**ئەمڕۆ لە گۆڕەپانی وەرزشیدا تەنها لە یاری دۆستانەو هەندێ خولی تایبەت و ئەو خولانەی کە خۆیان دەیکەنەوە دەبینرێت و خۆشەویستانی ئەم یانەیە چاوەڕوانی زیاتری لێ دەکەن، جا بەو مەبەستەو بۆ زیاتر ئاشنا بوون بە دوایین چالاکییەکانی ئەم یانەیە بە پێویستمان زانی چاوپێکەوتنێك لەگەڵ بەڕێز (نەوزاد جەلال حەمەدەمین) سەرۆکی یانە بکەین و چەند پرسیارێکی ئاراستە بکەین..**

**ئا/ باوکی بریا**



- بواری وەرزش لە هەرێمدا چۆن دەبینی؟
+ وەرزش بەو پێودانگەی لە دونیای ئێستادا بەشێکی فراوان و گرنگی ژیانی لاوانی داگیر کردووە، لاوانی ئێمەش بەدەر نین لەم ئارەزووەو لە چەندین ناوەندو بنکەی جیا جیا هەوڵی یاری کردن دەدەن بە هەموو جۆرەکانیەوە، بە تایبەتی لە یانەکان، ئەگەرچی وەکو پێویست نییەو هۆکارەکانی بە گشتی دەگەڕێنمەوە بۆ چەند خاڵێك و گرنگترینیان:.
1 - دابەش بوونی هەرێم بۆ دوو ناوچەو دابڕانی دەڤەری هەولێر لەگەڵ سلێمانی بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ.
2 - نەبوونی سەرپەرشتی بۆ وەرزش جا لەژێر هەر ناوێك بێت بە تایبەتی یانەکان لە شاری هەولێر، کە پشتگیری ماددی و مەعنەوی بکرێن و یانەکان متابعە بکرێن.
3 - پشت بەستن بە لێژنەی ئۆلۆمپی عێراق بە تەنهاو بیرنەکردنەوە لە چۆنیەتی بەهێز کردنی توانا وەرزشییە ناوخۆییەکان.
4 نەبوونی پلانێکی یەکانگیرو قۆناغ بە قۆناغ بۆ بەرز کردنەوەی ئاستی لاوان و تیایدا لاو ئاستی خۆی بزانێ و لە لایەکی تر بە هەند هەڵنەگرتنی وەرزش لە هەندێ ناوەندی بەر پرسیار.
لە پاڵ ئەم خاڵانەو بە مەبەستی بەزاندنی سنووری سڕ بەستوی وەرزش لە شاری هەولێر چەند هەوڵێك لە ئارادایە دڵسۆزانە هاتوونەتە مەیدان و بە فیعلی دەیانەوێت وەرزش سەرپەرشتیاری هەبێت و کۆنترۆڵ بکرێت لە لایەن حکومەتی خۆماڵی و هاوکاری بکرێت جا چ لە رووی ماددی بێت یاخود مەعنەوی، بۆ نموونە هەوڵەکانی بەڕێز کاك (مەحمود مەحەمەد) وەزیری ڕۆشنبیری کە کۆبوونەوەیەکی فراوانی لە هوتێلی چوار چرا ئەنجامدا لەگەڵ یانەکان و چەندین کەسایەتی وەرزشی، لە پێناوی گفتوگۆکردن لەسەر بواری وەرزشی لە هەرێمداو بیستنی سەرنج و پێشنیارو تێبینییەکان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، دیارە هەوڵەکانی ئەوانیش بەردەوامە یەکێك لە پێشنیارەکان ئەنجومەنێك بۆ وەرزش دابمەزرێت یاخود بریکارێك هەبێت تایبەت بە وەرزش و سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیری بێت و لە نزیکەوە سەرپەرشتی وەرزش بکەن و کارەکان لەگەڵ لێژنەی ئۆلۆمپی عێراق ڕێکبخرێت، دیارە لە هەوڵەکانی رابردوو لە کاتێك ماموستا (محەمەد سۆفی) لە ژیاندا مابوو بەشداری چەندین کۆنفرانس و کۆبوونەوەی کردبوو بەناوی یانەکەمان بوو بێت یاخود وەکو کەسایەتییەکی وەرزشی، دوایینیان ئەو کۆبوونەوانە بوو کە لە ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکان ئەنجام دراو یانەی وەرزشی هێرش پرۆژەیەکی وەکو پەیڕەو پێشکەش کرد بۆ ئەو ئەنجومەنەی کە دادەمەزرێت و لە ڕۆژنامە بڵاو کرایەوە کاتی خۆی.
- گەر تەنها پشت بە لێژنەی ئۆلۆمپی عێراق ببەسترێت ئایا بزاڤی وەرزش چۆن دەبێت؟ وە چی دەکرێت بۆ دەربازکردنی وەرزش لە مردن؟ هێنانی یاریزانی بێگانە بێ هێزی ئاستی یاریزانەکانی شارەکەیە؟
+ لە بەشی سێیەمی پرسیارەکەتدا وەڵام دەدەمەوە، بە بۆچوونی من هێنانی یاریزانی بێگانە بەشێك لە ئەرك و کاری هەر یانەیەك کەم دەکاتەوە، کە پەروەردە کردن و پێگەیاندنی لاوان و کادیری شارەزاو پسپۆڕە لە شارەکەدا، بەداخەوە وەرزش هەر بۆتە هێنانی پلە وە پێوەر دەکرێت بە دۆڕان و بردنەوە کە لە نێوان ئەم دوو وشەیەدا چەندین ماناو پێناسەی تر هەن، بەڕاستی هەر یەك لەم یانانە لە بەردەم ئەرکێکی مێژوویی گەورەو پیرۆز دان کە دەکرێت ماناکان شی بکەینەوەو پێناسەی دروستی بۆ بکەن..
ئێمە بە پێی توانای خۆمان و ئەوەی لە دەسەڵاتمان دایە نەوەستاوین و کەمتەرخەمیمان نەکردووە، یاری دۆستانەمان هەر بەردەوام بووەو چەند خولێکمان کردۆتەوەو بەشداریمان لە چەند خولێك کردووە کە یانەکانی تر کردویانەتەوەو بڕوامان وایە بەرەوپێش بردنی بزاڤی وەرزش لە باوەشی ڕژێمی بەغدا نییەو لێژنەی ئۆلۆمپی عێراقیش خەریکی کاری سیخوڕییەو یەکێکە لەو دەزگایانەی کە (عودەی کوڕی سەدام) سەرپەرشتی دەکات.. لێژنەیەك خۆی مردوو بێت لە ئامانج و کاردا دەبێت چی پێشکەشی ئێمە بکات؟ بۆیە دەنگی خۆمان بۆ جارێکی تر بەرز دەکەینەوەو بانگهێشتی لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکەین کە ئیتر کاتی ئەوە هاتووە ئەم کێشەیە چارەسەر بکرێت.
- بە بۆچوونتان یانەکان چۆن سەیری ئەم پێشنیارە دەکەن؟
+ لە سەردانەکانمان تەواو پشتگیری دەکەن لە هەر بۆچوونێك کە بە ئاراستەی وەرزش لە هەرێمداو بە تایبەتی لە نێوان سنووری هەردوو دەسەڵات، بەڵام تاکو ئێستا بە عەمەلی کارێکی ئەوتۆ نەکراوە شایەنی باس بێت، تەنها یاری دۆستانە بووەو یانەی ئێمە قارەمانترین یانە بووە لەم لایەنەوە.
- یانەی وەرزشی هێرش لەم بارودۆخە پلانی چالاکی چییە لە ساڵی 2002 کە بەشدار نییە لە خولەکانی لێژنەی ئۆلۆمپی عێراق؟
+ لە سەرەتای مانگی کانوونی دووەمدا دەستەی کارگێڕی لە کۆبوونەوەی خۆیدا بە سوود وەرگرتن لە بیرو بۆچوونی لێژنەی هونەری پلانێکی بۆ نواندنی چالاکی لە ساڵی 2002 داناو خشتەی چالاکییەکان لەبەر دەست دایەو دەکرێت بڵاوی بکەنەوەو ئێمە نوسخەمان ناردووە بۆ وەزارەتی ڕۆشنبیری و لایەنە پەیوەندیدارەکان..جگە لەم چالاکییانە ئامادە باشیمان تیایە کە بەشداری لە هەر خول و چالاکییەکی تر بکەین گەر بکرێتەوەو بانگهێشت بکرێین لە هەرێمی کوردستان و لە میزانییەی ساڵانەی یانەکەمان ئەم خاڵەش لەبەرچاو گیراوە. بۆ نموونە (خولی شەترەنج) کە بەڕێوەبەرایەتی وەرزش و لاوان لە یانەی خانزاد ئەنجامیدا یانەکەمان بەشداری کردو پلەی یەکەمی بەدەست هێنا.

## بەهاری سوور

زیرەك

**پێشکەشە بە مامۆستا (چنار)**

چناری باغی پەروەردە



مامۆستا(چنار) چەند خولەکێك بەر لە شەهید بوونی

کۆچت بروسکە ژانێکی بەتین بوو لە پەنجەرەی
روحمانەوە هاتە ژووری و
جەستەی هەموومانی لێوان لێوکرد لە ژانێکی پڕ سفت و
سوێ
کۆچت بارانێکی ناوەختە بوو
لە هاوینێکی پیردا
بەسەر خەرمانەی پاییزانی پەروەردەدا دایکرد
سەدای مەرگی ناوادەی تۆ پرسەی دانا لە شارو دێ
کۆچی سووری ناکامی تۆ بارانی ژان و بروسکە بوو
ڕژایە گەرووی شارەوە
تۆف زریانی پاییز بوو
کودەتای کرد بەسەر وەرزی بەهارەوە
ئەتۆ نەغمەو ئاواز و سروودی بەهاری
بەیانیانی هەموو ڕۆژێك قوتابیانی مەلا ئۆمەر
لەگەڵ داراو زارا دەتخوێننەوە
پەیامی بەرزی پەروەردەی
عاشقانی شارەکەم و ماران گازی دەستی تیرۆر
بە یەك دەنگ و بە یەك گەروو دەتڵێتەوە
چناری باغی پەروەردە
ئەی مامۆستای قوتابخانەکەی تارینم
ئەی وەنەوشە سووتاوەکەی شێرەسوارەم
ئەی مامۆستای نیشتمانی بێ بەهارم
ڕاستە من تۆم نەبینیوە لەسەر زاری مامۆستایان
هیواو هێرش تۆ دەناسم
بەڵام ئەم ڕۆژەم لا ڕوونە ڕۆژێك دادێت
منیش وەك تۆ لە گەشتێکی بەهاریدا
هەر بەدەستی ڕەشی ئیرهاب لەناو دەچم

## لە مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی کوردستان

بۆ/ بەڕێز د. عزەدین مستەفا ڕەسوڵ

بە بۆنەی گەڕانەوەتان لە تارانەوە دوای چارەسەرکردنی نەخۆشییەکەتان، پڕ بەدڵ بەخێرهاتنەوەتان لێ دەکەین و هیوا دەخوازین کە تەندروستیتان زۆر چاك بێت و داوای تەمەن درێژی و کاری بەردەوامت بۆ دەکەین لەپێناو خزمەتکردنی ڕۆشنبیری گەلەکەمان و درێژەدان بە خەباتی شۆڕشگێڕانەتان لە ڕێی پاراستنی ئەزموونەکەمان بۆ وەدەستهێنانی گشت مافە ڕەواکانی گەلی کوردستانی کۆڵنەدەر.

## لە ساڵیادی ڕاپەڕین
## لێژنەی ناوچەی سەید سادقی یەکێتی لاوانی دیموکراتی لە کوردستانی عێراق خولێکی تۆپی پێ ساز دەکات

بە بۆنەی یازدەمین ساڵیادی ڕاپەڕین بە سەرپەرشتی لێژنەی ناوچەی سەید سادقی یەکێتی لاوانی دیموکراتی لە کوردستانی عێراق خولێکی تۆپی پێی بۆ (12) تیپی ناوچەی سەید سادق ساز کرد ئەمەو یارییەکان لە گوندی (گامێش تەپە) بەڕێوە چوون. لە ڕۆژی 11 / 3 / 2002 لە بارەگای ڕێکخستنی سەید سادق تیرو پشك راکێشرا کە تێیدا نوێنەری سەرجەم تیپەکان ئامادە بوون بۆ ڕۆژی دواتر واتە ڕۆژی 12 / 3 / 2002 بە ئامادە بوونی نوێنەری یەکێتی لاوان و نوێنەری حزب و لایەنە سیاسییەکان لە سەید سادق و جەماوەرێکی زۆری ناوچەکە خولەکە بە دەقیقەیەك وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان دەستی پێکردو هەردوو تیپی لاوانی دەرون و پێشەوا بەیەك گەیشتن شایانی باسە تا ئێستا یارییەکان بەردەوامەو لە هەفتەی ئایندە ئەنجامی یارییەکان دەخەینە بەر دیدی بەڕێزتان.

## تا حزب بمێنێت مام ڕەحمانیش زیندووە

**شێخ لەتیف**

زۆرن ئەو یادو بیرەوەرییانەی کە ئەگەر بمەوێت لەگەڵ هاوڕێی هەمیشە زیندووم هاوڕێ ڕەحمان سەرخوری باسیان بکەم، هەروەها زۆرن ئەم تۆمارە مێژوویی و لاپەڕە پڕ لە سەروەرییانەی کەوا مام ڕەحمان لە مێژووی خەباتی حزبمان و سەرجەم جوڵانەوەی ئازادیخوازی کوردستان تۆماری کردوون. هەروەها زۆرن ئەو بەهاو کەلتورە بە نرخانەی کە ئەم هاوڕێیە تێکۆشەرە کەوا وەکو کەلتورێکی بە نرخ و گرانبەها بۆی بەجێ هێشتوین.

مام ڕەحمان سەرخوری چەندە هاوڕێیەکی بە ئەمەك و پشوو درێژو خاوەن هەڵوێست بوو، ئەوەندەش کەسایەتییەکی پاك و مرۆڤ دۆست و ژیان دۆست بوو، لە ڕووی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان تا بڵێی سەرکەوتوو بوو هەر کەسێك بۆ یەکەم جار چاوی پێ بکەوتبا بەبێ سێ و دوو خۆشی دەویست و هەر زوو دەچووە نێو دڵان. هەروەها پیاوێکی قسە خۆش و مەجلیس خۆش و ڕووخۆش بوو هەر کۆڕو کۆبوونەوەو دانیشتنێك ئەوی لێبایە یەکسەر دەبووە ناوەندو خاڵی ئەم شوێنە. هەروەها تا بڵێی پشوو درێژو خاوەن هیوایەکی گەش و ئومێدێکی بە پشت و پتەو بوو لە ڕۆژانی لاوێتیدا هەموو تەمەنی خۆی بۆ حزب تەرخان کردو هەتا لەم دواییەش ئەگەرچی چوو بووە نێو ساڵ و نەخۆشی و پیری زۆری بۆ هێنابوو بەڵام مام ڕەحمان وەکو کێوێکی بەرز هەر بە پێوە بوو.

سڵاو لە مام ڕەحمان سەرخوری هاوڕێی ئازیزو تێکۆشەری حزبمان

سڵاو لە تەمەنی پڕ لە بەخشش و داهێنانی ئەم هاوڕێیە، دیارە تا حزب و ڕێبازی شیوعییەتیش مابێت مام ڕەحمان هەر بە زیندوویی دەمێنێتەوە.

# هێرۆو ڕیاڵ مەدریدو قارەمانێتییەکی پۆڵایین

ئەحمەد ڕەجەب

ئەمڕۆ گفتوگۆو ئاخافتن لەسەر وەرزش و وەرزشەوانان زۆرەو هەر یەك بە پێی خواست و ئارەزوو بۆچوونی تایبەتی خۆی ئەو بوارە تاوتوو دەکات و، هەڵوێست وەردەگرێت. هەموومان دەزانین (فوتبۆڵ) جۆرێکی گرنگی وەرزشەو، لە سەرانسەری دونیادا جەماوەرێکی فراوانی هەیە. منداڵان لە هەموو گەڕەکێك ڕۆژانە ناوی دەیان و سەدان یاریزانی تۆپی پێ لە جیهاندا دەبەن، وەك بیلێ و، ڕۆناڵدۆ، مارادۆناو، ڕیڤاڵدۆ و،ڕاووڵ و مایکل ئەوین و، بیگهام و، هتد ، لە ئیسپانیا هەندێ ناوی پڕشنگدار هەیەو قەت پشتگوێ ناخرێن و ڕۆڵێکی مەزنیان هەیە وەك: مۆرینتێس و ڕاووڵ و، ڤیکتۆرو، هێرۆو، دەیان و سەدانی تر. یاریزانەکان دەبنە دوو بەش، لاوەکان و ئەوانەی تەمەنیان گەورەترە واتە ئەوانەی لە ساڵانی 70و 80 کاندا لەدایك بوون. ڤێرناندۆ هێرۆ یەکێکە لە بەشی دووەم، واتە لە 70 کاندا لەدایك بووە، ئێستا تەمەنی 34 ساڵە فرناندۆ هێرۆ لە سەنتەری پاراستنی تیپی میللی و، ڕیاڵ مەدرید یاری دەکات تا ئێستا لە پاراستن ڕۆڵێکی گرنگی هەیە هێرۆ بە (بۆمب هاوێژ) ناو دەبرێت چونکە شەقەکانی زۆر بەهێزن.

ڕۆژی 24 / 3 / 2002 تیپی ڕیاڵ مەدرید بەرامبەر تیپی (زاراگۆزا) یاری کردو، لەو یارییەدا هێرۆ (3) گۆڵی جوانی تۆمار کرد.

ئەو گۆڵانە وەك دیارییەکی جوان بوو هێرۆ پێشکەشی بە ڕیاڵ مەدرید کرد، چونکە بەو سەرکەوتنە تیپی ڕیاڵ مەدرید لەناو تیپە بەناوبانگ و ناسراوەکانی ئیسپانیا لە ڕیزی پێشەوەیەو (56) خاڵی هەیە تیپی (ڤالانسیا) هەمان خاڵەکانی تیپی ڕیاڵ مەدریدی هەیە (56) خاڵ، بەڵام ڕیاڵ مەدرید گۆڵی لە ڤالانسیا زیاترەو، هەروەها دوو تیپی تریش دۆبەرتیفۆ لاکرۆناو، سەڵتە ڤیگۆ هەوڵ دەدەن بچنە پێشەوەو، جڵەوی خولی یارییەکانی ئیسپانیا بەدەست بگرن و، یەکەمی وە دەست بێنن.

کەم جار ڕوودەدات یاریزانی دواوە، واتە (بەرگریکەر) گۆڵ بکات، بەڵام هێرۆ بە پێچەوانەوە زۆر جار گۆڵ دەکات هەر لە هەمان ڕۆژدا 24 / 3 / 2002 تیپی سەڵتە ڤیگۆ سەرکەوتنێکی مەزنی بەدەست هێنا، لەو ڕۆژەدا سەڵتە ڤیگۆ بە 6 گۆڵ بەرامبەر بە 1 گۆڵ لە (ئەتلێتیکۆ بیلباو)ی بردەوە.

ئەوە 45 ساڵە سەرکەوتنێکی بەو جۆرە لە ژیانی تیپی سەڵتە ڤیگۆ بەسەر ئەتلێتیکۆ بیلباو ڕووی نەداوە. ئەوەی ڕۆڵی سەرەکی لەو سەرکەوتنە بینی هەردوو یاریزانی تیپی میللی ڕووسیا بوو ئەلکسەندەر مەستۆڤ و، ڤالێری کارپین.

لە هاوینی داهاتوودا و، لە یارییەکانی تۆپی پێ (فوتبۆڵ) بۆ بەدەستهێنانی جامی جیهانی ناوی (فرناندۆ هێرۆ) چەندان جار دووپات دەبێتەوەو، ئەوەی بە باشی نایناسێت، دەیناسێتەوە.

سەرچاوە:ئوترە.ڕو- نووسەر ئەلیك توچا
26 / 3 / 2002